
*هەواڵی ڕۆژنامەوانی*

*دەرچوو: شوبات / 2016*

## ژمارەی پێوانەیی بۆ مانگی کانونی دووەمی 2016 لە هەرێمی کوردستان نزم بووتەوە


**هەرێمی کوردستان ژمارەی پێوانەیی 145.1٪ تومارکراوە بۆ مانگی کانونی دووەمی 2016 کە بە بەراورد لەگەڵ مانگی ڕابردوو بە ڕێژەی 3.2٪ نزم بوونەوە پێشان دەدات و هەروەها بە بەراوورد لەگەڵ کانونی دووەمی ساڵی ڕابردوو نزم بووتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە 3.5٪.**




**هۆی نزم بوونەوەی ژمارەی پێوانەیی لەم مانگە دەگەڕێتەوە بۆ نزم بوونەوەی نرخی ئەم بەشانە: بەشی خانوو(خانوو، ئاو، کارەبا، غاز ) بەڕێژەی 9.8٪ کە هۆی نزم بوونەوەی نرخ لەم بەشە دەگەڕێتەوە بۆ نزم بوونەوەی نرخی کارەبای مولیدە بازرگانیەکان بەڕێژەی 50.0٪، بەشی پێداویستیەکانی ناوماڵ وچاککردنەوە بەڕێژەی 5.2 ٪، بەشی جل و بەرگ و پێڵاو بەڕێژەی 2.4 ٪ ، بەشی خواردن و خواردەمەنی ناکهولیەکان بەڕێژەی 2.1٪ کە هۆی نزم بوونەوە لەم بەشە دەگەڕێتەوە بۆ نزم بوونەوەی نرخی خواردن بەڕێژەی 2.2٪، نان ودانەویلە بەڕێژەی 1.2٪، گوشت بەڕێژەی 1.3٪، ماسی بەڕێژەی 5.6 ٪، سەوزە بەڕێژەی 3.8 ٪، و میوە بەڕێژەی 1.6٪ هەروەها، نزم بوونەوە بە دی دەکرێت لە بەشەکانی گواستنەوە و تەندروستی بە ڕێژەی 1.9٪ و 0.3٪ یەك لە دوای یەك کە کاریگەرییان هەبووە لە نزم بوونەوەی ژمارەی پێوانەیی لەم مانگەدا.**

### ژمارەی پێوانەیی لە هەولێر بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە

**پارێزگای هەولێر بەرزترین نزم بوونەوە لە ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە بە بەراوورد لە گەڵ پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی. ژمارەی پێوانەیی لە پارێزگای هەولێر گەیشتە 149.8٪ لە مانگی کانوونی دووەمی 2016 کە بە بەراوورد لەگەڵ مانگی کانونی یەکەم بە ڕێژەی 7.3٪ نزم بوونەوە پێشان دەدات. لە پارێزگای سلێمانیش ( 141.1٪ ) دابەزین دەبینرێت لە ژمارەی پێوانەیی بە ڕێژەی 0.6٪. بەڵام بە پێچەوانەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، لە پارێزگای دهۆك بەرزبوونەوە بە دی دەکرێت لە ژمارەی پێوانەیی بە بەراوورد لەگەڵ مانگی ڕابردوو کە ڕێژەکەی دەگاتە 0.1٪.**




*بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:*
*تەلەفۆن:* 00964(0)662559170
*ئیمێل:* contact@krso.gov.krd
*ماڵپەر:* www.krso.gov.krd

*زنجیرە 37*